به ناوی کوردستانی گەورە !

# چۆنیەتی بەشی کوردنشینی پارێزگاری خۆراسان لە ئێران

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هەروەک دەزانین، لە باکووری پارێزگەی خوراسان، لە ئێران، نزیکەی یەک میلیۆن نەفەر کورد هەیە و دەبێتە دو بەرابەری حەشیمەتی کۆماری مالتا، کە وڵاتێکی سەربەخۆیە . زوربەی ئەم کوردانە، کە خۆیان بە خۆیان دەڵێن کوردی کرمانج، لە شارگەلی قووچان، شیروان، بجنوورد، دەرەگەز و هەرێمەکانی دەووروبەر، لە پارێزگەی خوراسان نیشتەجێن . پارێزگەی خۆراسان، لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێرانە .

وەک بۆخۆیان دەڵێن، ئەم کوردانە لە زەمانی پادشایەتی بنەماڵەی سەفەویەوە (نزیکەی چوار سەدە پێش) ، بە هۆگەلی رامیاریەوە، لە ناوچە بادینی نشینەکانی کوردستانی گەورەوە، بۆ خوراسان دوور خراونەتەوە . ئەم کوردانە، زمان و فەرهەنگی کوردیان بە باشی پاراستوە و هێشتا هەر بە زاراوەی بادینی زمانی کوردی قسە دەکەن . بەڵام، بە هۆی گوشار (فشار) ی مێژووەوە، ئایینەکەیان لە تەسەننونەوە، بوەتە تەشەییوع و ئێستا زوربەیان شیعەن .

بیرمەند و زانای رێزدار، کاک کەلیموڵڵا تەوە حەودی، کە بۆخۆشی کوردی ئەوێیە و ئێستا لە شاری مەشهەد دادەنیشێ، مێژو و چلۆنایەتی کۆچی ئەو خۆشەویستانەی، لە چەند بەرگدا چاپ و بڵاو کردوەتەوە، لە ژێر سەر دێڕی : " حرکت تاریخی کرد به خراسان "، کە بە زمانی فارسیە. لەم کتێبە بەنرخەدا، زۆر زانیاری باوەرپێکراو، سەبارەت بەم کوردانە خراوەتە بەر چاو . کاک ئەحمەد عەزودیش، کە دانیشتوی شاری بجنوردە، لەم بەستێنەدا، بە کوردیش شتی نووسیوە .

ئەم کوردانە، بە هۆی ئەوەی کە لە کوردستانی گەورە دوورن و لە نێو کۆمەڵێکی ناکورد دا دەژین، بێجگە لە دەردەکوردی گشتی تەواوی خەڵکی کوردەواری، دەردی تایبەت بە خۆشیان هەیە، کە زوربەی ئەو دەردانە، دەکەونە نێو تەوەرەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری . یەکێک لە موشکیلەکانیان ئەمەیە، کەوتونەتە نێو پارێزگەی خوراسان، کە زوربەیان فارسن و هەر یاسایەکی فەرهەنگی بۆ پارێزگەی خوراسان دادەنرێ، زۆر لەوان ناکاڵێتەوە .

لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی ئەمەی کە پارێزگەی خۆراسان زور پان و بەرینە و رەنگە بە قەت وڵاتی ئینگلیس ببێ، دەوڵەتی ئێران، بۆ ئەمەی کە بتوانێ باشتر پێی رابگا، بەبینێکە دەیەوێ، ئەم پارێزگەی خوراسانە بکاتە سێ پارێزگەی چکۆلە تر. کە ئێستاباسەکەی لە پارلمانی ئێراندایە .

جا ئەگەر بریار وابێ، پارێزگەی خوراسان ببێتە سێ پارێزگەی بچووکتر، پێشنیار ئەمەیە، کە بەشی باکووری ئەم پارێزگەیە، کە وەک لەسەرەوە وتم، زوربەیان کوردن، ببێتە پارێزگەیەکی جیاواز، بە ناوی پارێزگەی کر مانج - ئەم هەنگاوە زۆر بە شتێکی باش و تەنانەت پێویست دەزانرێ، کە بێجگە لە قازانجی گشتی، بۆ هیچ کەسیش زەرەری نیە . رەنگە نوێنەرانی ئەندامی فراکسیۆنی کورد، لە پارڵمانی ئێران بتوانن لەم بەستێنەدا شتێک بکەن .

بە قەولی فارس دەڵێن، " کبوتر با کبوتر، باز با باز" (کۆتر لەگەڵ کۆتر، باز لەگەڵ باز) - بەم هۆیە، بازە راونراوە تێژباڵەکانی کوێستانەکانی کوردستانی گە ورە، دەبنەوە یەک و مافی جیرانەتی کۆتریش دەنێنە سەر چاویان .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.